ئەی مامە، بڵێ: (لا إله إلا الله)، وشەیەکە کە لای خوای گەورە شاهێدیت بۆ دەدەم لە سەری

لە سەعیدی کوڕی موسەیەبەوە لە باوکیەوە کە دەڵێت: کاتێك ئەبو تاڵیب لە سەرە مەرگدا بوو؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لای، بینی ئەبو جەهل وعبدالله کوڕی ئەبی ئومەیە لە لای ئەون، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی مامە، بڵێ: (لا إله إلا الله)، وشەیەکە کە لای خوای گەورە شاهێدیت بۆ دەدەم لە سەری»، ئەبو جەهل وعبدالله کوڕی ئەبی ئومەیە ووتیان: ئایا پەشیمان دەبیتەوە لە ئاینی عەبدولموتەلّیب؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قسەکانی دووبارە کردەوە، وئەوانیش قسەکانیان دووبارە کردەوە، بۆیە دواین شت کە (ئەبو تاڵیب) ووتی: ئەو لە سەر ئاینی عەبدولموتەلّیبە، وڕەتی کردەوە کە بڵێت: لا إله إلا الله، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «والله داوای لێخۆشبوونت (ئیستیغفارت) بۆ دەکەم؛ ئەگەر نەهیم لێ نەکرێت»، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قربى...}، [التوبة: 113]واتە: {ڕەوا وشیاو نیە بۆ پێغەمبەر وباوەڕداران کە داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ هاوبەشدانەران با خزمی نزیکیشیان بن...}. وخوای گەورە سەبارەت بە ئەبو تاڵیب ئەم ئایەتەی دابەزاند ؛ بە پێغەمبەری خودای فەرموو -صلى الله عليه وسلم-: {إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ}، [القصص: 56] واتە: {بەڕاستی (ئەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) تۆ ناتوانیت ئەو کەسەی خۆشت دەوێت هیدایەتی بدەیت، بەڵام خودا هەرکەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات وئەو (خودایە) زاناترە بە ئەوانەی هیدایەت وڕێنمونی وەرگرن}.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ لای ئەبو تاڵیبی مامی کاتێك لە سەرەمەرگدا بوو؛ پێی فەرموو: ئەی مامە، بڵێ: (لا إله إلا الله)، وشەیەکە کە لای خوای گەورە شاهێدیت بۆ دەدەم لە سەری، ئەبو جەهل وعبدالله کوڕی ئەبی ئومەیە پێیان ووت: ئەی ئەبو تاڵیب، واز دەهێنیت لە ئاینی باوکت عەبدولموتەلّیب؟! کە بت پەرستی بوو، بەردەوام قسەیان لەگەڵدا دەکرد هەتاوەکو کۆتا شت کە ووتی: ئەو لەسەر ئاینی عەبدولموتەلّیبە، ئاینی شیرك وپەرستنی بتەکان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: داوای لێخۆشبوونت (ئیستیغفارت) بۆ دەکەم؛ ئەگەر پەروەردگارم نەهیم لێنەکات، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قربى...}، [التوبة: 113]واتە: {ڕەوا وشیاو نیە بۆ پێغەمبەر وباوەڕداران کە داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ هاوبەشدانەران با خزمی نزیکیشیان بن...}. وخوای گەورە سەبارەت بە ئەبو تاڵیب ئەم ئایەتەی دابەزاند: {إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ}، [القصص: 56] واتە: {بەڕاستی (ئەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) تۆ ناتوانیت ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێت هیدایەتی بدەیت، بەڵام خودا هەرکەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات وئەو (خودایە) زاناترە بە ئەوانەی هیدایەت وڕێنمونی وەرگرن}. ئەو کەسەی خۆشت دەوێت ؛ ناتوانیت هیدایەتی بدەیت، بەڵکو ئەوەی لەسەر تۆیە ؛ بریتیە لە گەیاندنی پەیامەکە، وخوای گەورە بەویستی خۆی هەرکەسێکی بوێت ؛ هیدایەتی دەدات.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee